## ئەڤین ئاسۆ:

# ئارامۆ شۆڕشێکی خستە نێو میدیای کوردی



● ئەڤین ئاسۆ یەکێکە لە پێشکەشکارە سەرکەوتووەکانی بەرنامەی ڕەنگاو ڕەنگ، لە بەرنامەکانی میڤان شۆ و چەرخ و فەلەك و بەم دوایییەش لە من جیاوازم و بانك زیاتر ناسراو و بەهرە و تواناکانی بۆ جەماوەر بە دەرکەوتن و سەلماندی کە خاوەن بەهرەیەکی زۆرە، توانای ئەوەی هەیە سەرنجی جەماوەر بۆ لای خۆی رابکێشی بە قسەکانی و شێوازی پێشکەش کردنی بەرنامەکان، هەرچەندە لەم وڵاتەدا هێشتا زۆر شت ئەگەر قەدەغە نەبێت نیمچە قەدەغەیە و زۆر ئافرەتیش خۆیان لە قەرەی نادەن لە ترسی کاردانەوەی کۆمەڵگا، بەڵام ئەڤین تا رادەیەك ئەو رێچکەیەی شکاندووە، جگە لەو بەرنامانەی لە سەرەوە باسمان کرد رۆڵی هەبوو لە زنجیرە درامای (گەردەلوول) لە پەیوەندییەکدا (ئەڤین)مان رووبەرووی چەند پرسیارێك کردەوە ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.●


دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com

* ئایـــا تۆ بە ڕێكەوت هاتوویتـــە نێو بواری ڕاگەیاندن یان حەز و ئاواتی تۆ بووە؟

- حەز و خولیای بووە.

* كێ ڕۆڵی هەبوو لە ناساندنی تۆ؟

- هەوڵدانی خۆم و كۆڵ نەدانم و لە ئێســـتادا كۆمپانیای ئارت و ئارامۆ.

* بەر لە بەرنامەكانی میڤان شـــۆ بەشداریت لە پێشـــكەش كردنی هیچ بەرنامەی دیكەدا كردووە؟

- بەڵێ من ٨ ســـاڵ بەر لە ئێســـتا دەستم بە كاری ڕاگەیاندن كردووە، بەڵام لە دوای دەست بەكاربوونم لە بەرنامەكانی (میڤان شۆ و چەرخ و فەلەك ) بینەر زیاتر ناسیمی و دەركەوتم.

* ئارامـــۆ چ ڕۆڵێكی هەبـــوو لە دەركەوتنی (ئەڤین)دا؟

- ئارامۆ شۆڕشی خستە نێو میدیای كوردی، كەسێكە هاتۆتە كوردســـتان خزمەتی میدیای كوردی دەكات بەداخەوە زۆر كەس هەستی پێ ناكات، دەمەوێت زۆر بە ڕاشـــكاوانە ئەوە بڵێم ئەو كارانەی كە ئێســـتا دەبینین كە بەرهەمی ئارت كۆمپانییە وەك بەرنامەكانی (میڤان شۆ و چـــەرخ و فەلەك و بانـــك و من جیاوازم) و چەندین بەرنامەی تایبەت بە بۆنەكان بەتایبەتی ئەوە بۆ ماوەی ٣ ساڵە هەموو نەورۆز و سەری ساڵێك بەرنامەی تایبەتی ئێمە هەبووە هەمووی لەسەر ئاستی باشترین كوالیتی و ناوەڕۆك بە دیكۆر و ڕوناكـــی و وێنە گرتنەوە)، هەمووی لەسەر ئەركی تایبەتی ئارامۆیە، بەداخەوە زۆر كەس هەســـت بەمە ناكـــەن و پروپاگەندەیەكی زۆر هەیـــە كە گوایە ئارامۆ پارەیەكی خەیاڵی وەردەگرێت من وەكـــو بەڕێوەبەری كۆمپانیای ئارت و پێشكەشكار لەو كۆمپانیایە و لەهەمان كات وەك هاوڕێـــی ئارامۆ هیـــوادار بووم ئەو پروپاگەندانە تۆزێك نزیك بووایە لە ڕاســـتیەوە، چونكـــە ئێمـــە وەك ئارت كۆمپانـــی توانای كاركردنی ٢٤ كاتژمێرمان هەیە و ئەو تەكنیك و ستافەی كە ئێمە هەمانە لە هیچ كۆمپانی و تەلەفزیۆنێكی كوردستاندا نییە، ئارامۆ ئەگەر بە ڕەگـــەز كورد نەبوایە و بهاتایە كوردســـتان و ئەو پڕۆژانەی كە ئێســـتا دەیكات كەسێكی بیانی بیكردایە ڕەنگە بە چاوێكی تر ســـەیری بكرابایەو پاڵپشتی بكرایە، بە كوردییەكەی ئێمە بێگانە پەرستین.

* ئایـــا هەســـت دەكـــەن ئێـــوە دوانەیەكی ڕاگەیاندنكاری زۆر سەركەوتوون؟

- ئەم پرســـیارە وەڵامەكـــەی لای بەڕێزت و بینەرانـــە، ئـــەوەی جێگەی دڵخۆشـــیمانە تا ئێستا كارێكمان نەكردووە كە نەبووبێتە جێگەی سەرنجی بینەر.

* تا چەند سوودتان لە یەكتری وەرگرتووە؟

- دیارە ئارامۆ لە ناساندنی من ڕۆڵی سەرەكی دەبینێت و ئەو كە پـــڕ لە زانیاری و داهێنانی جۆراو جۆرە بە دڵنیاییەوە من سودی زۆرم لی بینیوە وەك ( دان بە خۆداگرتن، خۆشە ویستنی وڵات، خزمەتكردنـــی لە بوارەكەی و چاوەڕوان نەكردنـــی پاداشـــت، حەزكردن بـــە میللەت،



فێربوونـــی زاراوەی كرمانجـــی، تازەگەریی، كاركردن بە جددی و خۆ نەفرۆشـــتن لە پێناو حەز و ئارەزووەكان).

* بەشـــداری كردنت لە زنجیـــرەی گەردەلوول چۆن بوو؟

- لەسەر ڕاسپاردەی دەرهێنەر بوو.

* ئەگەر ئێســـتا داوات لێبكرێ لە بەشەكانی داهاتووی گەردەلوولدا بەشداری بكەی ڕازی دەبی؟

- ڕاســـتە زنجیرە درامای گەردەلول سەركەتوو بوو، بەڵام من ئێســـتا كاتـــم زۆر كەمە، بۆیە ناتوانم بەشـــداری لە هیچ فیلم و درامایەكدا بكەم ئەگەر لە ڕێگەی ئارت كۆمپانی بەرهەم نەهێنرێت.

* لـــە جیهـــان واباوە كچـــە ڕاگەیاندنكارە ســـەركەوتووەكان لە كاری نواندنا ڕۆڵی جیایان پێ دەســـپێردرێ ئایا جگە لە گەردەلوول هیچ ڕۆڵێكی دیكە بە تۆ سپێردراوە ؟

- پێشـــنیاری زۆر هەبوون، كۆمپانیای ئارت ستایلی ئیش كردن و كاری سەرەكی بە ماركە كردنـــی هەر بابەت و كەســـێكە، من ئێســـتا كەسێكم كە بومەتە ماركە بۆیە كاری سەرەكی من پێشكەشكردنی بەرنامەیە.

* بۆ خۆت حەز دەكەی ڕۆڵی پاڵەوانت هەبێت لە فیلمێكی ســـینەمایی بەرز یان درامایەكی سەركەوتوودا ؟

- ئەگەر بڕیاری بەشداری كردن بكەم بێگومان ئەو ڕۆڵەم پێ دەسپێردرێت ئەگەر ئەكتەرەكانی تریش كەسانێكی ناسراو لێهاتوو نەبن ئامادە نابم ڕۆڵی پاڵەوانیش ببینم.

* ئەڤین ئاسۆ لەچیدا جیاوازە؟

- لە هیچدا جیاواز نیم.

* زۆر كـــەس دەڵێـــن ئەڤیـــن و د. بەلقیس هۆكاری سەركەوتنی بەرنامەی (من جیاوازم) بوون بەڕای تۆ ئەمە ڕاستە؟

- هەموومان لە ســـەركەوتنی بەرنامەی من جیاوازم سەركەوتووین، چونكە ئەگەر ئارامۆ ئـــەم پرۆژەیەی جێ بە جێ نەكردایە من و د. بەلقیس دەرنەدەكەوتین، دەرهێنەر كە ئافرەتێكە و لە وڵاتی توركیاوە هاتووە ڕۆڵی ســـەرەكی هەیـــە، هەموو بابەتەكانی دیكۆر و ڕوناكی و وێنەگرتن و هاوكارانمان و بەشداربووان ڕۆڵیان هەیە لەسەركەوتنی بەرنامەكە.

* لە بەرنامەی (من جیاوازم)دا چ شتێك زۆر سەرنجی ڕاكێشای؟

- هەبوونی ئەو هەموو توانایە و شاردنەوەیان تا كاتی هەبوونی ئەم بەرنامە و سەیركردنی بینـــەر بەڕێژەیەكی زۆر جیـــاواز لە هەموو بەرنامەكانـــی تری میدیای كوردی ئەمەش بە قسەی من نا بە باس كردنی هەمیشەیی ئـــەم بەرنامەیـــە لە هەموو جێـــگاو ماڵ و بازاڕ و شـــەقام و زانكۆ و جێگا حكومی و ڕۆژنامەو گۆڤارەكان.

*حەز دەكەی بگەیت بە ئاستی كێ لە كچە ڕاگەیاندنكارە بیانی و عەرەبەكان؟

- ئەمەوێت تەنها ئەڤین بم.

* ئەگەر داوات لێبكرێ بەرنامەی سیاسی پێشـــكەش بكەیـــت ئامادەی پێشكەشـــی بكەیت؟

- هیـــچ تێكەڵی سیاســـی نابم و حەزم لێی نییـــە، بەڵام بێژەر ئەكتەرە بۆ ئەو ڕۆڵە نازانم لـــە داهاتوودا چ بڕیار دەدەم، بەڵام پێشـــتر یەكێك بووم لە پێشكەشـــكاری هەواڵەكان لە ڕادیۆ و تی ڤی دا.

* دوای بەرنامـــەی (من جیـــاوازم) چی نوێتان هەیە پێشكەشی بكەن؟

- وەك هەمیشە چاوەڕوان بن.

**من لە هیچ دا جیاواز نیم**



### ئەو ڕاگەیاندنکارەی پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندەکان هەیە

# وەفا ئەلکیلانی: هەموو کارێک بەوەوە خۆشە کە ئەرک و ماندووبوونی تێدا بێت



● نکۆڵی لەوە ناکرێت کە وەفا ئەلکیلانی یەکێکە لە ڕاگەیاندنکارە هەرە سەرکەوتووەکان لەنێو کچە ڕاگەیاندنکارە عەرەبەکان و هەمیشە ئەو بەرنامانەی پێشکەشی دەکات تاموچێژێکی تایبەتی هەیە لای جەماوەر،چونکە خاوەن بەهرەیەك و توانایەکی زۆرە و زۆر جار میوانەکانی زۆر جار ڕووبەڕووی پرسیاری ناخۆش و کاریگەر دەکاتەوە تەنانەت هەندێکیان پێی زویر و دڵتەنگیش دەبن، ماوەیەك بەرنامەی (چد التیار)ی لە کەناڵی ڕۆتانا پێشکەش کرد دوای ئەوەی چووە نێو قەفەسی زێڕین و بوو بە دایك بۆ ماوەیەك دوور کەوتەوە بەرنامەکەی لە لایەن چەند کەسێکی دیکەوە پێشکەش کرا ماوەیەك دەبێت دوور کەوتۆتەوە و بڕیار وایە ڕوو لە کەناڵی (L.B.C) بکات بەپێی ڕێکەوتنێك لە نێوان ڕۆتانا و (L.B.C)، وەفا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.●

*** پێشـــبینی ئـــەوەت دەكـــرد بگەیتە ئەم ئاستەی ئێستا؟**

- هیچ كەســێك ناتوانێت پێشـــبینی شتێك بكات بۆخۆی پێش ئەوەی رووبدات، رەنگە من پێشـــبینی زیاترم كردبێت واتـــە هیوا و ئاواتی زیاترم لە ئێســـتا هەبووبێت، رەنگیشە چاوەڕێی ئەوەم نەكردبێت بگەمە ئەو ئاســـتە، بەڵام من هەمیشـــە هەوڵمداوە پەرە بـــە تواناكانی خۆم بدەم و بەرەو پێشـــتر بچم لـــە بواری كارەكەی خۆمدا..

*** تۆ لە ژیانی ئاساییدا مرۆڤێكی بەهێزی یان بەسۆزی؟**

- مرۆڤ پێویســـتە لایەنێكی مرۆڤانەی لە ژیاندا هەبێت بۆ ئەوەی خۆشەویستی خەڵك بۆ خۆی مســـۆگەر بكات جا كەسێكی ناودار یان كەسێكی ئاسایی بێت، لە هەمان كاتدا پێویستە خاوەن كەســـایەتییەكی بەهێزیش بێت بۆ ئەوەی بتوانێت رووبەرووی گیروگرفت و ئاستەنگەكانی ژیان ببێتەوە، چونكە ژیان هەوڵدانی بەردەوامی دەوێت بۆ ئەوەی سەركەوتوو بین تێیدا.

*** وەك راگەیاندنكارێكـــی نزیك لە بواری هونەری ئاستی هونەری ئێستا چۆن دەبینی؟**

- راســـتە من لە هونـــەر و هونەرمەندانی میسری و لوبنانی نزیكم، بەڵام من رەخنەگرێكی هونەری نیم تاكو بتوانم رای خۆم دەربارەی ئەو بابەتە گرنگە دەرببرم، زۆر لە هونەرمەندەكانی بواری ســـینەما و گۆرانی گلەیی ئەوە دەكەن كـــە هەندێك كـــەس بوونەتـــە هۆی دواكەوتنـــی هونـــەر رەنگە ئەمەش راســـت بێت، بەڵام رۆژ دوای رۆژ دەبینین هونەرمەندی بە توانا و خاوەن بەهرە دەردەكەون، هەروەها جە ما و ە ر یـــش هونەرمەندەكانـــی زۆر خۆشدەوێت..

*** ئایا چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان كاركردن لە كەناڵی رۆتانا و كەناڵەكانی دیكە كە كارت بۆیان كردووە؟**

- من لـــە زۆو كەناڵی راگەیاندنی جیا جیا و لە شـــوێنی جیاجیا كارم كردووە هەر یەكیان تایبەتمەنـــدی و خـــۆی هەبووە و سروشـــتی كاركردنیـــان لەگەڵ یەكتر جیـــاوازە، هەروەها سروشتی بەرنامەكە و ئەو كەسانەی كە دیمانەم لەگەڵیانـــدا ئەنجامـــداوە ئەویش تـــا رادەیەك جیاوازی هەبوو.

*** پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندان چۆنە؟**

- بە حوكمی ئـــەو كارەی دەیكەم پەیوەندیم لەگـــەڵ زۆربەی هونەرمەنـــدەكان هەیە و زۆر باشیش جا لە لوبنان بن یان لە میسر بان لە هەر شوێنێكی دیكەی نیشتیمانی عەرەبی.

*** كـــێ بـــە پێشـــەنگی راگەیاندنـــكارە عەرەبییەكان دەزانی؟**

- من ناتوانم بڵێم من یان فلان راگەیاندنكار باشـــترین راگەیاندنـــكاری عەرەبییە، چونكە هەریەكێـــك لە ئێمە شـــێوازی خـــۆی هەیە لە پێشـــكەش كـــردن و دەركەوتـــن، هەروەها ئەو بەرنامانەی پێشكەشیشـــی دەكەین جیاوازییان هەیە.

*** دوای ئەوەی ماوەیـــەك بەرنامەی (چد التیار)ت پێشكەش كرد بۆچی راوەستا و بۆچی دوای تۆ چەند كەســێكی دیكە پێشكەشـــیان كرد؟**

- ئەمـــە سیاســـەتی كەناڵـــی رۆتانایـــە بەڕێوەبەرایەتی رۆتانا خۆیان باشتر دەزانن چی دەكەن، بەڵام شتێك هەیە دەبێ بیزانن كە هیچ بەرنامەیەك هەمیشـــە بەردەوام نابێت و دوای ماوەیەك رادەوەســـتێت ئینجا یان بەشێكی نوێی ئەم بەرنامەیە پێشكەش دەكرێت یانیش سوود لە پێشكەشـــكاری ئەو بەرنامەیە وەردەگیرێت بۆ ئەوەی شـــتێكی نوێی پێ بسپێرن، منیش زۆرم پێ ئاسایی بوو كە لە دوای من بەرنامەكە لە لایەن چەند كەسێكی دیكەوە پێشكەش كرا.

پەیوەندیم لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندەكان هەیە و زۆر باشیش

*** هـــۆكاری ســـەرەكی دووركەوتنەوەی تۆ چی بوو لە بەرنامەكە؟**

- من دوای ئەوەی ســـكم هەبوو نەمتوانی بەرنامەكە بە رێكوپێكی پێشـــكەش بكەم، بە شـــایەدی هەموو لایەكیـــش وەرزی یەكەمی بەرنامەكە زۆر ســـەركەوتوو بوو، دواتر كەناڵی رۆتانا لەگەڵ كەناڵی (L.B.C) رێككەوتن بەوەی من بگوازرێمەوە بۆ (L.B.C)، بەڵام تا ئێستا هیچم لەوێ پێشكەش نەكردووە.

*** ئێســـتا چ جیاوازییەكت هەیە لەگەڵ ساڵانی رابردوو؟**

- من لە زۆر شـــوێنی جیاجیا كارم كردووە، هەریەكیان جیاواز بووە لەگەڵ ئەویترە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، بەڵام لە بواری ژیانی تایبەتی خۆمەوە بێگومان ئێستا دوای ئەوەی ژیانی هاوسەریم





پێکهێنا و بووم بە دایك ئەرکەکانی سەر شانم قورستر بوون ئەمەش کارێکی ئاساییە.

*** تۆ بێژەری یان راگەیاندنکار؟**

- هەر یەکیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، راگەیاندنکارەکان ئازادی زیاتریان هەیە لە ئەنجامدانی کارەکانیان زۆر جارخۆیان بیرۆکەی بەرنامە یان کاری نوێ دادەنێن و زیاتر پشت بەخۆیان دەبەستن تەنیا لە هەندێك حاڵەت نەبێت کە راوێژ بە کەسانی پسپۆر دەکەن بۆ دەوڵەمەند کردنی کارەکانیان، بەڵام بێژەر شتێك پێشکەش دەکات کە کەسانی تر دەستیان هەبێت لە ئامادە کردنی و ئەو ئازادییەی راگەیاندنکار هەیەتی بۆ بێژەر بەو شێوەیە نییە.

**راگەیاندنکارەکان ئازادی زیاتریان هەیە، بەڵام بێژەر شتێك پێشکەش دەکات کە کەسانی تر دەستیان هەبێت لە ئامادە کردنی و ئەو ئازادییەی راگەیاندنکار هەیەتی بۆ بێژەر بەو شێوەیە نییە**

*** هەست دەکەی تۆ ئێستا وەك هونەرمەندێك ناوبانگت هەیە؟**

- راگەیاندنکار و سینەماکار هەریەکیان جەماوەری خۆی هەیە، من لە زۆر بەرنامەکانمدا هونەرمەندم داوەت کردووە ئەو هونەرمەندانەش جەماوەری زۆریان هەبووە و رەنگە جەماوەرەکەیان تەنیا لە فیلمیدا بینیبێتیان و بەو شێوەیە نەیانبینێ کە وەك مرۆڤێکی ئاسایی قسە دەکات و باسی ژیانی خۆی بکات.

خەڵکانێك هەن هەفتانە چاوەڕێی هاتنی بەرنامەی منیان کردووە بۆ ئەوەی بزانن ئەم جاریان چاوپێکەوتنم لەگەڵ کێیە و کێ میوان دەکەم لە هەمان کاتدا خەڵکانێك هەن چاوەڕێی ئەوەیان کردووە ئەو هونەرمەندەی خۆشیان دەوێت لە رێگای بەرنامەکەی منەوە ببینن بۆیە هەردوو لامان من و هونەرمەندان سوودمان بۆ یەکتری هەبووە بۆ دەرکەوتن لەسەر شاشە.

*** بە حوکمی ئەوەی ماوەیەکی زۆرە لە بواری راگەیاندن کار دەکەی، چ ئامۆژگارییەك پێشکەش بەوانە دەکەی کە نوێن لە بوارەکە؟**

- ئەوەیان پێ دەڵێم کە زۆر بڕوایان بە خۆیان و تواناکانیان هەبێت، زیاتر هەوڵ بدەن شارەزایی لە کارەکەیان پەیدا بکەن و دوو دڵیش نەبن لە هە شتێك کە پێی ئاشنا نین، چونکە ئێمەش سەردەمێك وەك ئەوان بووین و زۆر زەحمەتیشمان بینی تا گەیشتینە ئەو ئاستەی ئێستامان.

*** تۆ زیاتر بڕوات بە شانس هەیە یان بە خۆ ماندووکردن و هەوڵدان؟**

- من خۆم یەکێکم لەوانەی زۆر چانسم نییە، زۆرم هەوڵداوە لە هەمان کاتدا زۆریش دەستکەوتووە و ناوبانگیشم دەرکردووە و خەڵك دەمناسێت، بەڵام ئەوەی دەستم کەوتوو زۆر کەمترە لە هەوڵەکانم.

*** گرنگترین ئەو مەرجانە چین کە تۆ دایاندەنێی بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەیەك؟**

- بەر لە هەموو شتێك دەبێ دەرهێنەری بەرنامەکە بناسم و شارەزا بم لە شێوازی کارکردنی، ئینجا ستافی بەرنامەکە بۆ ئەوەی بتوانم بەرنامەیەك پێشکەش بکەم کەمترین کەموکوڕی هەبێت.

*** راگەیاندن سوودی بۆ تۆ هەبووە یان زیانی پێگەیاندی؟**

- ئەو کارە خۆم هەڵمبژاردووە لەسەر ویست و بە ئارەزووی خۆم، چونکە خۆشەویستی من بۆ کارەکەم بێ سنوورە، راگەیاندن بووەتە هۆی ئەوەی لە کەسێکی ئاساییەوە ببم بە کەسێکی ناسراو لە ناو خەڵك واتە خۆشەویستی خەڵك و ناوبانگی پێ بەخشیوم ئەم خۆشەویستییەش بووەتە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکانم زیاتر بن و کاروباری رۆژانەشم بە ئاسانی بەڕێوە دەچن، بەڵام لە هەمان کاتدا کاتێکی زۆری لێ زەوت کردووم و دەبێ بەشی هەرە زۆری کاتەکەم بۆ کار تەرخان بکەم، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی خێزان بە جۆرێك دەبێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە دۆست و خزمەکانم دووربکەومەوە.

*** ئایا کەسێك هەیە رکابەرێتیت بکات؟**

- ئێمە هەموومان رکابەری یەکترین لە بواری کارکردندا، چونکە هەر یەکێك لە ئێمە هەوڵ دەدات کاری جوانتر و پێشکەوتووتر پێشکەش بکات ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرە رکابەرێتییەکە سەرەتا لەگەڵ خۆت ئینجا لەگەڵ دەورووبەر، لە بواری ژیانی ئاساییشماندا پێم وایە ئێمە هەموو راگەیاندنکار و بێژەرەکان دۆستی نزیك و ئازیزی یەکترین.

*** کاری ئێوە ئاسانە یان زەحمەتە؟**

- پێموایە هیچ کارێك ئاسان نییە ئەگەر ئاسانیش بێت ئەوا باوەڕ ناکەم تاموچێژی هەبێت، چونکە هەموو کارێك بەوەوە خۆشە کە ئەرك و ماندووبوونی تێدا بێت بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەی کە کارێکت کردووە.

*** گۆڕانکاری لە کاری ئێوەدا چەند پێویستە؟**

- من لەگەڵ گۆڕانکاریدام بە گوێرەی کەسایەتی راگەیاندنکار یان پێشکەشکاری بەرنامەیەکی دیاریکراو بەجۆرێك بەدوای شتی نوێتردا بگەڕێت بۆ ئەوەی نیشانی جەماوەری بدات.

***کەی واز لە کاری راگەیاندن دەهێنی؟**

- ئەو کاتەی بزانم توانای ئەوەم نەماوەی هیچی نوێ پێشکەش بکەم و جەماوەر و بینەر لێم بێزار بوون ئەو کات وابزانم وازهێنان باشترین چارەسەرە، بۆ ئەوەی خۆشەویستی جەماوەر لە دەست نەدەم.

*** پروپاگەندە کاریگەری بەسەر تۆو خێزانەکەتەوە هەبووە؟**

- هەر گۆرانیبێژ یان ئەکتەر و راگەیاندنکار سەرەتا لە رێگای دەزگاکانی راگەیاندنەوە لە لایەن جەماوەرە دەناسرێت و هەر کەسێکیش کە ناسراو بوو و ناوبانگی دەرکرد دەبێ چاوەڕێی هەموو شتێك بکات بەتایبەتی پروپاگەندەی سلبی کە بەشی زۆریان لە راستی دوورن ئەگەر راستیش بن ئەوا وەکو خۆیان بڵاوناکرێنەوە بەڵکو بە زیادەوە بڵاودەکرێنەوە، هەروەها ئەگەر ئەکتەرێك یان گۆرانیبێژێك کارێکی خێرخوازی ئەنجام بدات ئەوا خەڵك بە شێوەیەکی سەر زارەکی باسی دەکات، بەڵام ئەگەر وەك هەر مرۆڤێکی دیکە هەڵەیەك بکات ئەوا هەموو خەڵك بە باسەکە دەزانێت و دەبێتە هۆی ئەوەی لەرووی دەروونییەوە کاریگەری بەسەرییەوە هەبێت.

*** هاوسەرەکەت تا چەند هاوکاریت دەکات؟**

- هاوسەرەکەم هاوپیشەمە ئەویش راگەیاندنکارە واتە زۆر شارەزای سروشتی کارەکەمە هەروەها هەمیشە هەوڵ دەدەین یارمەتی یەکتر بدەین.

## کامیرۆن کێشە سێکسیەکان چارەسەر دەکات

ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی ئێستا خەریکی گفتوگۆیە لەگەڵ ستۆدیۆکانی وارنەر بـــرەدزەر بۆ ئـــەوەی پەیوەندی بە پاڵەوانانی فیلمی کۆمیدی (بۆبی بلۆ) وە بکات کە کۆمپانیای (دۆناڵد دی لاین بەرهەمی دەهێنێـت. چیرۆکی فیلمەکە باس لـــە راوەدوونانـــی ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن دەکات، لەم فیلمەدا کامیرۆن رۆڵی نوێنەری کۆمپانیایەکی یاســـایی دەبینێت هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەیەك دەدەن کـــە پەیوەندی بـــە چەند کارێکی سێکسییەوە هەیە.



## جیم کاری خۆی قەڵەو دەکات



زۆر لە ئەســتێرە ســینەماییەکان تووشی گرفتێکـــی زۆر دەبنەوە کاتێك بیانەوێ چەند کیلۆگرامێك لە کێشیان دابەزێنن، چونکە زۆر جار رۆڵەکانیان لە فیلمەکان پێویســـتیان بەوە هەیە کە کێشـــیان کەم بێتەوە، بەڵام هەندێك رۆڵی دیکە هەیە پێویستیان بەوەیە کە کێشیان زیاد بکەن ئەمەش دیسان گرفتێکی دیکەیە. ئێســـتا ئەســـتێرەی کۆمیدی جیم کاری دووچاری ئەو گرفتە بووەتەوە، چونکە پێویستە کێشـــی لەشـــی بە بڕی ٢٥ کیلۆگرام زیاد بکات بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ ئەو رۆڵەی کە لە فیلمـــی داهاتووی (The Three Stooges)پێی سپێردراوە.

جیم کاری کە تەمەنی لەســـەرووی چل ساڵییەوەیە ترسی ئەوەی هەیە کە دواتر توانای ئەوەی نەبێت بە ئاســـانی کێشی لەشی دابەزێنێتەوە، هەروەها لە کاردانەوەی هاوسەرەکەشـــی دەترسێت، چونکە پێشتر گلەیی ئەوەی لێکردبوو کە سیستەمی نوێی خواردنی جیم کاری کاریگەرییەکی زۆری بەسەریەوە دەبێت و دەبێتە هۆی ئـــەوەی ئەویش بڕێکی زیاتری خـــواردن بخوات هەرچەندە ئەو کارە رەت دەکاتەوە.

## کاسرین فریشتەی بە قژ داپۆشراو

لە نوێترین فیلمی چاوەڕوانکراوی خۆیدا، خانمە ئەکتەری بەناوبانگی وێلزی کاســرین زیتا جۆنــز هەوڵێکـــی زۆ دەدات بۆ بینینی رۆڵی کەسایەتی ناوداری سکۆتلەندی سۆزان پۆیــل. کاســرینی تەمەن ٣٩ ســاڵ داوای مافــی وێنەگرتنی فیلمێکی کــرد دەربارەی ژیانی تایبەتی ســۆزان پۆیل و دەرکەوتنی لە بەرنامـــەی دۆزینەوەی بەهـــرەکان (Britain's Got Talent)، کاســرین ئەوەشـــی راگەیانـــد کە جیمس کامیرۆنـــی دەرهێنەری فیلمـــی (تایتانیـــك) گرنگییەکـــی زۆر بە پرۆژەیەکی لەم شێوەیە دەدات.

شـــایەنی ئاماژە پێکردنە کە ســـۆزان پۆیل دوای گوتنـــی گۆرانییەکـــی شـــانۆگەری (بێنەوایان) لە وێستگەی (ئای تی ڤی) ناوبانگێکـــی زۆری دەرکـــرد وگرتەکانی ئەم گۆرانییە لەسەر وێب سایتی یۆتیوب زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن جار بینران، هەروەها نازناوی (فریشـــتە داپۆشـــراو بە قژ) بە ســـۆزان بەخشـــرا ئەمەش بە هۆی قژی زۆری، ســـۆزان دەڵـــێ: تا ئێســـتا هیچ کەسێکی ماچ نەکردووە و رۆژێك لە رۆژان کەسیشی خۆش نەویستووە، سەرچاوەیەکیش لە بەرنامـــەی دۆزینەوەی بەهەرەمەندەکان لە بەریتانیا باسی لەو پێشنیارەی کاسرین کرد و گوتی: ئەمـــە یەکێکە لە چەندین داواکاری دیکە کە پێشکەشـــمان کراوە بۆ وێنەگرتنی چیرۆکی ژیانی سۆزان پۆیل.



## هونەرمەند مستەفا ئەحمەد بۆ گوڵان:

# مەگەر بە قودرەتی قادر بەرنامەی

**● *هونەرمەند مستەفا ئەحمەد ئەستێرەیەکی درەوشاوەی نیو هونەری شانوو درمایی کوردییە ساڵانێکە لە خزمەتی هونەری نواندندا کاردەکات و خاوەنی بینەرێکی زۆرە و توانایەکی باش و سـەلیقەیەکی جوانی هونەری هەیە، جگە لەوەی دەرهێنەری بەرنامەی بەرنامەبوو لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات، بەڵام وەك خۆی دەڵێ: بەرنامەی بەرنامە نەیدەتوانی وەك جاران بەباشی خۆی بگەیەنێت ئەو توانایەی جارانی نەمابوو بۆیە لە ستافی بەرنامەکە هاتۆتە دەرەوە و بڕوای وایە کەجارێکی تر ناتوانێ لەو بەرنامەیەدا کار بکات، هەر بۆیەش ئێمە بە چاکمان زانی لە ئێوارەیەکی سلێمانی و لە باخچەیەکی شەقامی پیرەمێرد ئەم دیدارە هونەرییەی لەگەڵدا سازبکەین.●***

**دیمانە/ سۆران مارف**



*** ماوەیەکــە جگە لــەکاری بەرنامەی بەرنامە لە کاری هونەری دابــڕاوی با بزانین دوای ئەو دابڕانە پرۆژە و بەرنامەی هونەریتان چییە؟**

- من هەر لەسەرەتایی گەنجێتمەوە لە بواری شانۆدا کارم کــردووە وە لە زۆربــەی تیپەکانی کە کاری شانۆیان ئەنجام داوە من کارم لەگەڵ کردوون هەتا تیپی پێشــڕەوی شانۆیی کوردی دامەزرا کە ئەو کاتە کۆمەڵێك گەنج بووین کۆمەڵێ خەڵکی خوین گەرم بووین کە یەکێکیان لەوانە مامۆستا ئەحمەد ســالار و چەندیتری وەك شــاعیر شەهید دڵشــاد مەریوانی مامۆســتا (رەئوف حەســەن) چیرۆك نووس مامۆســتا حیکمەت هندی و کەمال ســابیری رەحمەتی و عوسمان چیواری رەحمەتی و ســمکۆ ناکام کەکاك سمکۆ نزیکەی ســی ســاڵە لە وڵاتی ئەڵمانیا ژیان دەگوزەرێنێ ئێمە و ئەو کاتە بە شــەوق و زەوق و دڵێکــی فراوانــەوە کارمان لە هونــەری کــوردی دەکرد، بەتایبەتی وەکو تیپی شــانۆیی پێشــڕەو کە بڕیارمان دابوو ئەو کارانەی کە پێشکەشی دەکەین کاری جیددی هەنگاوی ئیجابی بن بۆ خزمەتی هونەری کوردی هەر چەند ئەوکاتە رژێمی بەعس سانسۆری زۆری هەبوو لە سەرمان ئەگەر بۆتان بگێڕمەوە چیرۆکی لانەوازان کە پێشکەشمان کرد سێ جار ئەو دەقەیەیان بە ئێمە گۆڕی ئەوکاتە رەزامەندیان لەسەر دەقەکە نیشــاندا لە کاتێکــدا لە دەقەکەدا نزیکــەی چل و پێنج دەقەیــان کەم کردەوە، بەڵام هەر ئێمە وازمــان نەهێنا و هەوڵەکەی خۆمان بردە سەر ئێمە هەموو سێ مانگ جارێك بەرهەمێکی شــانۆیمان پێشکەش دەکرد ئەو کاتە هونەرمەندان بە دڵســۆزییەوە کاریان بۆ خزمەت کردنی هونەری کــوردی و میللەتەکەیان دەکرد کاردانــەوەی ئــەو زوڵــم و زۆردارییەی حکومەتی بەعس ئێمەی هونەرمەندانی زیاتر رەق ئەســتور کردبوو لە خزمەتی هونەری کوردیدا کاربکەین بە نیسبەت پرسیارەکەت کە من ماوەیەکە کەم دەبینرێم واهەست دەکەم زۆر هیلاك بووم هەم لە رووی جەســتەییەوە هەم وەکو فکر من لە هەموو روویەکەوە خۆم زۆر بە ماندوو دەزانم دەمەوێت پشــوویەك بدەم، بەڵام دوای ئەوە کۆمەڵێ بیرۆکەی هونەریم لە بیرە دەمەوێت کاری لەسەر بکەم، ئەوەی دەمەوێت ئێستا من ئاماژەی بۆ بکــەم ئەوەیە کە ئێمە ســاڵانی هەشــتاکان کارێکی شانۆیمان پێشکەش کرد کە نووسەری بە توانا (سمکۆ ناکام) ئامادەی کردبوو لە ژێر ناوی نەســیم دەربارەی شارەکەی دەدوێ، کارێکی زۆر جوان و ســەرکەوتوو بوو، ئێستاش بەهۆی ئەوەی کەلوپەل و ئامێری تەکنیکی باش لەبەردەستدایە و دەمەوێت هەوڵ بدەم ئەو شانۆگەرییە، بە هاوکاری هاوڕێکانم بەشێوەی دراما کاری لەسەر بکەین .

*** بەڕێزتان وەکو کەســێکی خــاوەن ئەزموون لە بواری هونەری نواندن دا بە هاوکاری کەسانی وەك خۆتان خاوەن ئەزمــوون چ پرۆژەیەکی هونەریتان ئامادەکردووە تا حکومەت دەستەڵات کاری لەسەر بکەن تاوەکو ئەو پاشا گەردانییەی کە باسی لێوە دەکرێت لە هونەری نواندندا نەمێنێت؟**

- زۆر بەداخــەوە دوای ئــەوەی کەوا رێکخراوی هونەرمەندان بوو بە دوو بەشەوە کە خۆی لە خۆیدا نەدەبوو سیاسەت تێکەڵاوی هونەر بکرێت گرفتێکی گەورەی لەبەردەم کاری هونەرمەندان دروستکرد، کە ســوپاس بۆ خــوا بە هەوڵــی هەموو لایەك رێکخراوە کە بۆوە بەیەك، ئێستا ئەرکی رێکخراوی هونەرمەندانــە بە هاوکاری ئێمــەی هونەرمەند کاری جیددی بکات بۆ ئەوەی پرۆژە یاســایەك ئامادە بکات لە رێگەی وەزارەتی رۆشــنبیری و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کەوا پشتگیری بکەن تا پرۆژەی گەورە لە خزمەت هونەری نواندندا بێهێننە بوون کە چی بەداخەوە رێزلێنانێك هەبوو بۆ هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون تا قەرەبووی هەوڵ ماندووبوونی خەڵکانێکی خاوەن ئەزموون بکەنەوە کەچی ئێستا ئەو هاوکارییەیان بڕاوە و کاریگەری لەسەر بژێوی ژیانی هونەرمەندان هەبووە و هەیە هەرچەنــد من لەگەڵ ئەوەدام کە زۆریی و بۆری

# بەرنامە بەرەو پێش بچێتەوە

هەبوو لــە هاوکاریکردنی خەڵکانی هونەرمەندی خــاوەن ئەزموون، بــەڵام ئەکرێت ئێســتا پلانێك هەبێت بــۆ شــێوازی ئەوهاوکارییەی (ڕێزلێنان) کە بــۆ هونەرمەندانــی خاوەن ئەزمــوون دابین کراوە، ئێســتاش حکومەتــی هەرێم دەتوانێ چاو بخشــێنێتەوە بــە بڕیارەکەیدا، کاتــی خۆی لە ساڵی (١٩٧٣) ئێمە چیرۆکی لانەوازان کە بردمان بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمارمان کرد ئەوکات وەك تیــپ پارەمان نەبوو کارەکــەی پێ ئەنجام بدەین برادەرێکمــان چــل دیناری بە قــەرز داینێ کە مانگــی (٥) دیناری بدەینــەوە ئێمە جاران وا بە شانازییەوە خزمەتی هونەرمان دەکرد لە گیرفانی خۆمــان و لە ژیانــی ماڵ و منداڵــی خۆمان دەگرتەوە بۆ کارە هونەرییەکانمان خەرجمان دەکرد و شانازیشــمان پێوە دەکرد، بەڵام ئێســتا ئەگەر بژێوی ژیانی هونەرمەند مســۆگەر نەکرێت ئەوا هونەرمەند ناتوانێ خزمەتی هونەرەکەی بکات و داهێنانی هەبێت.

*** باســی ڕێکخراوی هونەرمەندانت کرد ئایا ئەو ڕێکخــراوە توانیوویەتی ڕۆڵێکــی کارابیبینێت لە خزمەتکردنی هونــەری کوردیدا؟ ئایا ڕێکخراوی هونەرمەنــدان توانیوویەتــی بــە ئەرکی خۆی هەڵسێت؟**

- هەتا ئێســتا ڕێکخراوی هونەرمەندان بەشێوەی پێویســت بە کاری خۆیی هەڵنەساوە، بەڵام نازانم لەمەو دوا چــۆن دەبێت ئەو پەرتەوازەییەی کە لە ڕێکخراوی هونەرمەنداندا دروست بوو کاری کردە سەر کارەکانی ڕێکخراوەکە.

بۆیە ئێســتا پێویســتە ڕێکخراوە کــە بجوڵێت و پرۆژەی گەورە گــەورە ئامادەبکات و بیخەنەبەر دەست هونەرمەندان تا چیدی هونەرمەندان ئاوا بە چوار مشقی دانەنیشن .

*** ئایا تا ئێستا ئێمە ڕەخنەگری جیدیمان هەیە لە بواری هونەری نواندندا؟**

- لە ســاڵانی حەفتاکاندا کۆمەڵێك ڕۆشنبیری باشــمان هەبوو کــە هەڵســەنگاندنیان بۆ کاری هونەرییەکانمان دەکــرد و لە ڕوو پەڕی گۆڤار و ڕۆژنامەوانیــدا بڵاویان دەکــردەوە وە هەندێ جار دوای نمایشــکردنی شــانۆگەرییەك کۆڕێکمان ســازدەکرد بۆ هەڵســەنگاندنی کارە هونەرییەکە هەوڵمان دەدا ســوود لەو ڕەخنانــە وەربگرین کە ئاراستەی کارە هونەرییەکە دەبۆوە، ئەمەش وایکرد کە ئێمە هەمیشــە بە دوای کارێکــدا بگەڕێین کەوا جێگای ڕەخنە نەبێت وە ئەگەر ڕەخنەشــی لێگیرا ســوودی لێوەربگرین ئــەوەی گرنگە بۆ شــانۆ ئەوەیە کە تۆ ڕەخنەگری باشــت هەبێت جاران لە بەغداوە کۆمەڵێ ڕەخنەگری باش هەبوو ئەمەش وایکردوو کە زۆربەی جار لە فیســتیڤاڵە عەرەبییەکان هونەری عێراقی ســەرکەتنی باشی بەخۆوە ببینێ کەچی بەداخەوە تاوەکو ئێســتا لە ناو ئێمەدا ڕەخنەگری جیدی نییە نووســەرەکانی ئێمە یــان خەریکــی وەرگێڕانن یــان بایەخ بە وەرگرتنــی بابەتی بیگانە دەدەن، هەر چەند ئێمە کاك(د. شێرکۆ عەبدوڵڵا)مان هەیە بەڵام تا ئێستا نەیتوانییوە شانۆگەرییەك بنوسێ کە باس لە ئێش و ئازارەکانــی ئەمڕۆ بکات هــەر چەندە هاتووە شــاکاری جوانی وەرگێڕاوە من حەزم دەکرد کاك (د. شــێرکۆ) لەبەر ئەوەی توانایی‌یەکی زۆر باشی هەیە خۆی کۆمەڵێ شــتی جوانی بنووســیایە بەداخەوە نووســەرەکانمان زاتی ئەوەیان نییە کاری شانۆیی بنووسن، ئەو نەبوونی ڕەخنەگریی جدییە لە هونــەری نواندنی کوردیدا وایکردووە زۆریی و بۆری هەبێت لــە کاری هونەری نواندندا چونکە ئەگەر ڕەخنەگری جدیمــان هەبێت هەندێ کەس زاتی ئــەوە ناکەن کاری دراماییــی ئەنجام بدەن دراما هەیە کە کاری بۆ کراوە ئێســتا لە زاکیرەی خەڵکــدا نەماوەتەوە و زوو لــە ناوچوون کە چی کاری هونــەری کراوە لە ســاڵانی حەفتاکان و هەشــتاکان ئێســتاش لە بیر و ویژدان و زاکیرەی خەڵکدا ماوەتەوە.

*** لــە دیدارێکــی تایبەتی گۆڤــاری گوڵان باســی درامایی گەردەلوولت کردبووە و ئاماژەت بەوە کردووە کــە درامایی گەردەلوول کەموکوڕی تیابووە پرســیارەکەم ئەمەیە ئایا ئەگەر ئێســتا هونەرمەند(جەلیــل زەنگەنــە) داوات لێبــکات بەشــداری بەشی ســێیەمی درامای گەردەلوول بکەیت ئامادەیت بەشداری بکەیت؟**

- ئەگەر من دەڵێم گەردەلوول کەم و کوڕی تیابوو راســت دەکەم، چونکە هیچ کارێك نییە بەبێ کەم و کــوڕی (جەلیل زەنگەنە) خۆشــی دانی بەوە دانــاوە چونکە من کاك(جەلیــل) زۆر ووتو ویژ دەکەین و هەندێك جار من بۆ کارە هونەرییەکانی خــۆم پرس و ڕای پێدەکەم وە من کاك(جەلیل) بە کەســێکی کارامە و شارەزایی دەزانم و توانایەکی ئەدەبی و هونەری زۆر چاکی هەیە وەبە نیسبەت پرســیارەکەت سەبارەت بە بەشــداری کردنی من لە بەشی ســێیەمی درامایی گەردەلوول قسەمان کردووە و من تا ئێســتا گفتی سەد لە سەدم پێیان نەداوە هەر چەند کاك جەلیل ڕۆڵی ســەرەکی لە درامــای گەردەلوول بۆ دیاری کردووم، حەزدەکەم بڵێم مــن و کاك جەلیل جگە لەم کارە تەجروبەی ترمان هەیە بەیەکەو هەر کارێمان بەیەکەوە کردبێت دەنگی باشی داوەتەوە ئەگەر کاك جەلیل خەڵکی بــاش و ئەکتەری بە توانایی لەگەڵدا بێت دەتوانم بڵێم یەکێکە لە هەرە دەرهێنەرە باشــەکان یەکێکە لەو کەسانەی زۆر بە وردی کار دەکات وەمن لەو بڕوایەدام بەشــداری لە بەشی سێیەمی درامایی گەردەلوول بکەم.

*** بەڕێزتان ئەندامێکی چالاکی ستافی بەرنامە بەرنامە بوویت لە کەناڵی کوردسات دەمانەوێت بزانیــن هۆکاری وەســتانی بەرنامەی بەرنامە چی بووە؟**

- بەرنامەی بەرنامە هەر لە دوای ساڵی ١٩٩٨ کە ئێمە کارمان تیاکرد ئەو کاتە هەســتمان کرد بۆشــاییەك هەبوو لە کەناڵەکانمانــدا بۆیە بە پێویســتمان زانی ئەم بەرنامەیە لە تەلەفزیۆنی خاك کــە تەلەفزیۆنێکی بێلایــەن بوو ئێمەش حەزمان کرد بێلایەنی خۆمان نیشــان بدەین کار بکەین لەو تەلەفزیۆنــەدا، و ئەم بەرنامەیە بوو بە یەکێــك لە بەرنامە چالاکەکانی تەلەفزیۆنی خــاك، بەڵام لە ئەنجامی کارکردندا خۆیی وایە هەموو شــتێك کە لە دایــك دەبێت هەر خۆی کرۆکی نەمانەکەشــی تیایە من گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە بەرنامەکە وەکو ساڵانی رابردوو ئەو پێزو و ئەو توانایەی نەماوە وە ئەو شــتانەی کە ئێمە هەمان بوو هەموویمان پێشکەش کردبوو و بەبۆچوونی من ئیتر وابوو کە ئیتر ئەو بەرنامەیە دەبێت بوەســتێت و پێویســتی بە شتی نوێ و بابەتــی تازە هەبوو، منیش هەر بەو بڕوایەوە لە بەرنامەکە هاتمــە دەرەوە، بەڵام برادەرانی تری ناو بەرنامەکە ئەو بڕوایەیان نییە و درێژەیان داوە بــە بەرنامەکە و من پیرۆزبایشــیان لێدەکەم کە بەردەوامن بەڵام بڕوای من ئەوەبوو کە جارێکی تــر لە بەرنامەی بەرنامــە کارنەکەم وە ئەگەر قەناعەتم بە شتێك نەبێت لە ژیانمدا نەمکردووە و ئەو کارە هونەرییانەی کە تا ئێستاش ئەنجامم داوە لە هچییان پەشیمان نیم، چونکە بە بڕوای خۆم کارم تیاکــردووە جارێکی تر من ناتوانم لە بەرنامەی بەرنامــەدا کار بکەمەوە، ئەوەندەی من بزانــم بەرنامەی بەرنامە بێهێز ببوو مەگەر بــە قودرەتی قادر بەرنامەکە بەرەو پێش ببەن، من لێرەوە سوپاســی ئەو جەماوەرە دەکەم کە بە تەلەفۆن یان لە سەر شــەقامەکان هەواڵی من دەپرســن و لە تەندروستیشــم دەپرسن بەڕاستی ئــەوە لەلای من خەڵاتێکــی زۆر گەورەیە من هەتا ماوم وەفای ئــەو خەڵکە لە بیرناکەم وەبە خوێنەرانی گوڵانی ئازیــز دەڵێم ئەگەر تەمەن ڕێگا بدات بێبەشیان ناکەین لە کاری هونەری و مەوهیبە و توانای خۆمان ئەوەی لە دەستم بێت درێغی ناکەم هەتا ئەو کاتەی دەمنێنە ناو گۆڕ بەردوامم لە خزمەتکردنی هونەر و گەلەکەمدا.

لەو بڕوایەدام بەشداری لە بەشی سێیەمی درامایی گەردەلوول بکەم